# هەرکەسێک ئیعتیکافی کرد؛ با لە لە دەی کۆتادا ئیعتیکاف بکات، ئەو شەوەم پێڕاگەیەندرا پاشان لە بیرم دەرهێندرا، خۆم بینیەوە کە لە نێو ئاو وقوڕدا سوجدەم دەبرد لە بەیانیەکەیدا، بۆیە بە دوایدا بگەڕێن لە دەی کۆتادا

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە دەی (دە ڕۆژ وشەوی) ناوەڕاستی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد، ساڵێکیان ئیعتیکافی کرد هەتاوەکو گەیشت بە شەوی بیست ویەک -ئەویش ئەو شەوەیە کە بەیانیەکەی لە ئیعتیکاف کردن دەردەچێت-، فەرمووی: «هەرکەسێک ئیعتیکافی کرد؛ با لە دەی کۆتادا (دە ڕۆژ وشەوی) ئیعتیکاف بکات، ئەو شەوەم پێڕاگەیەندرا پاشان لە بیرم دەرهێندرا، خۆم بینیەوە کە لە نێو ئاو وقوڕدا سوجدەم دەبرد لە بەیانیەکەیدا، بۆیە بە دوایدا بگەڕێن (بە دوای شەوی قەدر) لە دەی کۆتادا (دە شەوی کۆتادا)، وبە دوایدا بگەڕێن لە تاکەکان (شەوە تاکەکان)». ئەبو سەعید دەڵێت: «ئەو شەوە باران باری، و (بنمیچی:سەقفی) مزگەوت لە لقی دارخورما بوو، دڵۆپە ئاوەکان هاتە نێو مزگەوتەوە، چاوەکانم پێغەمبەری خودای بینی -صلى الله عليه وسلم- ولە نێوچەوانی شوێنەواری ئاو وقوڕ هەبوو لە بەیانی بیست ویەکدا».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبو سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە دەی (دە ڕۆژ وشەوی) ناوەڕاستی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد ئەمیش بۆ ئەوەی بگەڕێت بە دوای شەوی قەدر، ساڵێکیان وەکو خووی ئاسایی خۆی ئیعتیکافی کرد هەتا گەیشتە شەوی بیست ویەک، ئەویش ئەو شەوەیە کە بەیانیەکەی لە ئیعتیکاف کردن دەردەچێت، پێی ڕاگەیەندرا کە شەوی قەدر لە دەی کۆتادایە بۆیە بە هاوەڵانی فەرموو: هەرکەسێک ئیعتیکافی کردووە لە دەی ناوەڕاستدا؛ ئەوا با لە ئیعتیکاف کردن بەردەوام بێت ولە دەی کۆتادا (دە ڕۆژ وشەوی) ئیعتیکاف بکات. وباسی ئەوەی کرد کە خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووە بەڵام پاشان لە بیری دەرهێناوە، بەڵام لە خەوندا هەندێک شتی بینی کە نیشانەیە لەو ساڵەدا ئەویش بریتیە لە: سوجدە بردن لە نێو ئاو وقوڕدا سوجدەم دەبرد لە نوێژی بەیانی ڕۆژی بیست ویەکدا. خوای گەورە خەونەکەی پێغەمبەری لە ڕاستیدا بەدیهێنا -صلى الله عليه وسلم-، لە شەوی بیست ویەکدا باران باری ومزگەوتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پایەکانی لە لقی دارخورما بوو وبنمیچەکەی (سەقفەکەی) لە لقەکانی دارخورما بوو، دڵۆپە ئاوەکانی باران هاتە نێو مزگەوتەوە، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە نێوچەوانی شوێنەواری ئاو وقوڕ هەبوو لە بەیانی بیست ویەکدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4459